

### ئەکرەم ئەلجومێعی، بەڕێوەبەری فستیڤاڵی شەترەنجی نێودەوڵەتی تونس بۆ خەبات:

# چالاکییەکانی یانەی شەترەنجی خانزاد زۆرن، جێی ستایشکردن و دەستخۆشیین

## تا ئێستا نەمانتوانیوە هاوشێوەی یانەی خانزاد شەترەنج ببەینە نێو قوتابخانەکانی تونس

**دیمانە: هاوار مورتکەیی**

فستیڤاڵی نیودەوڵەتی شەترەنجی تونس کە ئێستا لە شاری مۆنستێری سەر دەریای ناوەڕاست بەڕێوەدەچێت، شەترەنجزانانی 12وڵات بەشداریان تیدا کردووە و یاریزانەکانیش لە ئاستێکی بەرزی ریتینگی نیودەوڵەتین، یانەی خانزادیش بەفەرمی بۆ ئەم فستیڤاڵە داوەتکراوە و بە 10یاریزانی لاوی کچ و کور بەشدارە، رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەکرەم ئەلجومیعی بەڕێوەبەری فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شەترەنجی تونس ئەنجامداوە:

*** ئەم فیستیڤاڵە بۆ؟**

ئەکرەم ئەلجومێعی کە ناوبژیوان و ریکخەری نیودەوڵەتییە و لەهەمان کاتیش ئەندازیاری دیزانی ئامێرە سەبارەت بە کردنەوەی ئەم فیستیڤاڵە گوتی: لە مانگی دیسێمبەر پاڵەوانێتی شەترەنجی عەرەبی لە وڵاتی تونس بەڕێوەدەچێت، ئەمەش ئامادەکارییەکە بۆ ئەم پاڵەوانێتییە و جگە لە ئامادەکاری هەڵبژاردەکانی جەزائیر و تونس بۆ ئۆلۆمپیادی باتۆمی 2018ئەمەش هەنگاوێکی باشە کە لەکەموکوڕییەکان بگەین و هەروەها دەرفەتیش بە چەندی تیپیکی دیکەی دەرەوەش بدەین کە لەو فیستیڤاڵە بەریەک بکەون شارەزایی زیاتر وەرگرن.

*** چالاکییەکانی خانزاد جێی دەستخۆشییە**

بەڕێوەبەری فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شەترەنجی تونس لەبارەی بەشداری و زانیاری لەسەر یانەی خانزاد کە ئێستا لەو فیستیڤاڵە بەشدارە گوتی: پێشتر زانیاری تەواوم لەسەر یانەی خانزاد نەبوو، بەڵام ئەو شاندە کە هاتبوونە ئێرە هەندێ زانیارییان پیدام و دواتریش لە پەیجەکەیان سەیرم کرد بینیم، شەو یانەیە چالاکی گەلێ زۆرە هەر لە کردنەوەی پاڵەوانێتی و خولی فێرکردن و ناوبژیوانی ئەمانە هەمووی منیان دڵخۆش کرد، و جێی دەستخۆشییە، ئەگەر بەراوردی چالاکی شەترەنج لەنێوان یەکێتی شەترەنجی تونس و یانەی خانزاد بکەم، دەبینم چالاکییەکانی ئەو یانەیە زۆر خێراتر و زیاترە لەچاو چالاکی شەترەنج لە تونس.

*** هێشتا نەمانتوانیوە شەترەنج ببەینە قوتابخانەکان**

دواتر ئەکرەم ئەلجومیعی لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئێستا یانەی شەترەنجی خانزاد لە هەرێمی کوردستان قۆناغیکی باشی بڕیوە و ئەمساڵ لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگەدا وانەی شەترەنج دەخوێندرێت، ئەو گوتی: بەداخەوە لێرە هێشتا نەمانتوانیوە شەترەنج ببەینە قوتابخانەکان، بەڵام هەوڵ لە ئارادایە بەتایبەتیش دوای سەردانی شاندی (چێس ئین سکوول) بۆ وڵاتی تونس و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری وەرزش ئەو پرسە تاوتوێ کرا و بڕیاردرا ئەو پرۆژەیە بە دوو قۆناغ پەیڕەو بکرێت، سەرەتا بکرێتە وانەیەکی ئارەزوومەندانە و قۆناغی دووەمیش ببێت بە قۆناغی ئیجباری، دیارە ئەمەش سوودی زانستی زۆری هەیە لەرووی ئەکتیڤی مێشک و پەروەردە و رەوشت (تۆ لەناو شەترەنجی گرنگی ئەمە باش دەزانی پێویست ناکات باسی بکەم)، ئێمە ئێستا بەرنامەمان ئەوەیە کار لەسەر منداڵان بکەین بۆ فێربوونی شەترەنج، بۆ ئەمەش هەوڵ دەدەین شارەزایی لە وڵاتان وەرگرین.



*** بەشداری پاڵەوانێتییەکانی خانزاد دەکەین**

لە کۆتاییدا ئەکرەم ئەلجومیعی بەڕێوەبەری فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شەترەنجی تونس گوتی: لەبەرنامەماندا هەیە کە بەشداری لە زۆرێک لە فیستیڤاڵ و پاڵەوانێتییەکانی شەترەنج بکەین لەدەرەوەی تونس، ئامادەکاری تەواویشمان هەیە کە لەداهاتوویەکی نزیکدا، بەشداری لەو پاڵەوانێتییانە بکەین کە یانەی شەترەنجی خانزاد دەیانکاتەوە و هەوڵ دەدەین هەماهەنگی زیاتر لەنێوانمان هەبێت.

## ئادەم لالانا بەهۆی پێکانەوە مەشقەکانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرای جێهێشت

لە ئێوارەی سێ شەممەی رابردوو چەندین پشکنینی پزیشکی بۆ یاریزان ئادەم لالانا ئەنجام درا دوای ئەوەی بەهۆی ئازارەوە مەشقی هەڵبژاردەی ئینگلتەرای جێهێشت. کە ئەمە یەکەمین مەشقی بوو لەدوای مۆندیالی 2018ی روسویا، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی لیڤەرپوولی تەمەن 30 ساڵ نەیتوانی مەشقەکانی تەواو بکات، دوای ئەوەی کێشەیەکی نادیاری تووش هات، کە ئێستا پزیشکان خەریکی دۆزینەوەی هۆکاری رووداني ئەم ئازارەی ناوبراون. لەکۆتایی وەرزی رابردوودا لالانا تووشی پێکانێکی بەهێزی گرژبوونی ماسولەکانی رانی بۆوە، کە بەهۆیەوە لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بۆ مۆندیالی 2018ی رووسیا دوورخرایەوە. گاریس ساوسگێت راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلیزی بۆ هەردوو یاری دۆستانەی هەڵبژاردەکەی لالانای بانگهێشت کرد، کە بەرامبەر ئیسپانیا لە شەممەی داهاتوو سویسرا لە سێشەممەی دواتر ئەنجامی دەدات. بەمەش لالانا بووە دووەمین یاریزان لەپێکهاتەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بکشێتەوە لەدوای رەحیم ستێرلینگ کە ئەویش بەهۆی ئازاری پشتی دوور کەوتەوە، رۆژنامەی (میرۆر) دووپاتیکردەوە کە ساوسگێت چاوەڕێی راپۆرتی دەستەی پزیشکی دەکات بەر لەوەی جێگرەوەیەکی بۆ بانگهێشت بکات.



## لۆرێس بەشداری یارییەکەی ئەمشەو ناکات

گۆڵپارێزی یانەی تۆتنهام هۆگۆ لۆرێس لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی فەرەنسا بۆ یاری داهاتوویان کە ئەمشەو بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئەنجامی دەدات بەهۆی پێکان دوورخرایەوە. لۆرێس لە یەک شەممەی رابردوو بەشداری یاری نێوان یانەکەی تۆتنهام و واتفۆردی نەکرد، کە تیپەکەی بەئەنجامی 1-2گۆڵ شکستی هێنا، هەروەها بەم هۆیەوە ناتوانێت بەشداری یەکەمین یاری هەڵبژاردەکەی لەخولی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا کە ئەمشەو بەرامبەر ئەڵمانیا ئەنجامی دەدات بەشداری بکات. لەلایەکی دیکەوە راهێنەری فەرەنسی دیدێ دیشامپ گۆڵپارێزی یانەی مۆنتبیلێ بینامین لیکۆمێنتی کردە جێگرەوەی لۆرێسی تەمەن 31ساڵ. جێگای وەبیرهێنانەوەیە لۆرێس پێشتریش لەلایەن پۆلیسی بەریتانی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی لێ قەدەغکرابوو، دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلی لەژێر کاریگەری خواردنەوە رۆحییەکان لێخوڕیبوو.




## بنزیما ژمارەیەکی تازەی پێوانەیی لەگەڵ ریال مەدرید تۆمارکرد

هێرشبەری فەرەنسی ناودار کەریم بنزیما لەیانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ژمارەیەکی پێوانەیی لەم وەرزە لەگەڵ یانەی شاهانە تۆمارکرد، دوای ئەوەی بنزیمە ماوەی 390خولەک تاکو ئێستا یاریکردووە لەکۆی 4یاریدا لەگەڵ یانەی میرینگێ. کە هەر لەکاتی پەیوەندیکردنی بەیانەی ریال مەدرید نەیتوانیوە 4یاری لەدوای یەک بەشداری بکات، کە باشترین زنجیرەی بەشداریکردنی 3یاری لەدوای یەک بووە. بنزیمە لەماوەی 4یاری سەرەتای ئەم وەرزە توانیوبەتی 4گۆڵ لەخولی ئیسپانیا تۆمار بکات، کە ئەمەش باشترین دەستپێک بووە بۆ ئەستێرەی کەڵەشێرەکان.